الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR**

---

# دەیان پەنابەرو ڕێکخراوی ئینسان دۆست

# نارەزای دەردەبرن دژ بە ناردنەوەی پەنابەرانی کورد

ڕۆژی 9–2–2007 و10–2 لەدریژەی کەمپینی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق خۆپیشاندانێکی شکوداری جەماوەری لەدژ ناردنەوەی پەنابەرانی کورد سازکرا ،لەم خۆپیشاندانانەدا بەدەیان پەنابەری کورد و هەڵسوراوانی فیدراسیۆن لەشارەکانی (مانچستەر،لیڤەرپول ،لیستەر،پیتەربۆرۆ ،نوتین هام،لەندەن،کۆڤینتری ،دۆن کاستەر،ستۆك ئۆنترینت،برایتن،بەرمنگهام..هەروەها ڕێکخراوی بێ سنور ،لیستەر سوشیال فۆرم ،لیستەر سیڤلرایت موڤمینت و ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا ، وچەند ڕێکخراوی داکۆکی لەپەنابەران لەم خۆپیشاندانانە بەشداریانکرد.




ئەو درۆشمە سەرتاسەریانەی لەم خۆپیشاندانانەدا بەکار برا(نا بۆ گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد ،دەست لەپەنابەرانی کورد هەڵگرن ،عیراق نائەمنە،کوردستان ناجیگیرە،مافی پەنابەری مافی ئینسانە ،بەلێ بۆ ئازادکردنی دەست بەجێ پەنابەرە گیراوەکان،پەنابەرانی کورد قوربانی جەنگ و نائارامی و چارەنووسی نادیارن...

لەشاری مانچستەر: ڕۆژەی هەینی 9–2 فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی خۆپیشاندانی نارەزایەتیان بردە بەردەم دالاسکۆرت ئەو شۆینەی پەنابەران ئیمزای مانگانەی لێ دەکەن و لەم خۆپشاندانەدا بەدەیان پەنابەری کورد لەشاری هال ولیڤەرپول وستۆك بەشداریان کرد (بورهان فەتاح )بەرپرسی فیدراسیۆن قسەوباسی دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران و ئەو کارو چالاکیانەی فیدراسیۆن بۆ ئازاد کردنی پەنابەران گرتۆتیێ بەر باسلێکرد.

شاری لیستەر: ڕۆژی شەمە 10– 2 لەسەر بانگەوازی فیدراسیۆن لەشاری لیستەر ڕیپیوانێکی گەورەی جەماوەری سازدرا کە نزیك بە 400 پەنابەرو ڕێکخراوی پەنابەری و ئینسانی وخەڵکی ئازادی خوازی ئەو شارە بەشداریان تیاکرد ،کاتژمیر 2 پاشنیوەرۆ لە چیشتخانە کوردیەکانەوە خۆپیشاندەران بەرێکەوتن بەرو ناوەندی شار ،تەنانەت ئەورۆژە چیشتخانە کوردەیەکان دەرگاکانیان داخست و هاوکاری جدی ئەم ڕیپیوانانەیان کرد ،پاشان ووتاری فیدراسیۆن لەلایەن (ئارام حمەسەعید)بەرپرسی فیدراسیونی پەنابەران لەشاری لیستەر پێشکەشکرا بەزمانی کوردی و ئینگلیزی ،پاشان (جاسم غفور )بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری نوتین هام لە ووتەیەکدا دژ بە سیاسەتی گیرانەوەی پەنابەران بۆ

كوردستان و نائارامی عیراق و ئەوزاعی كوردستان قسەو باسی پێشكەشكرد،پاشان چەند پەنابەر(دانا،زریان،ئەحمەد)بەزمانی ئنگلیزی لەسەر وەزعی پەنابەرانی كورد قسەو باسیان پێشكەشكرد.

شایەنی باسە نۆینەرانی چەند رێكخراوی بەریتانی لەوانە(سوشیال فۆرم،وێركەر پاوەر،سڤلرایت مۆڤمینت،حزبی كۆمۆنیستی بەریتانیای گەورە،سۆشیالیست پارتی.. ووتاری پشتیوانی خۆیان لەكەمپینی فیدراسیۆن دژ بەناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد ئاراستەكرد،هاوكات لەچەند رۆژ پێشترەوە ناوەندەكانی راگەیاند و میدیاكان بە (ئارام حمە سەعید)چاو پێكەوتنیان ئەنجام دا لەسەر ئەم خۆپیشاندانانە لەوانە (رادیوی بی بی سی) هەروەها رۆژنامەی بیرناد هاربە چاو پێكەوتنیان لەگەل (خالد اسماعیل) هەڵسوراوی فیدراسیۆن ئەنجام دا.

لەشاری لەندەن: فیدراسیۆنی سەرتاسەری و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق لەگەڵ رێكخراوی بێ سنور رۆژی شەمە $10-2$ خۆپیشاندانی یان بردە بەردەم گرتووخانەی دەستبەسەری (كۆڵن برۆك) لەدەوربەری فرۆكەخانەی هیسرۆ ،لەم خۆپیشاندانەدا نۆینەری دەیان رێكخراوی پەنابەری و ئینسانی و (جان مكدونالد)ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و یەكێك لەوكەسانەی كە پشتیوانی بێ دریخی خۆی هەمیشە لەپەنابەرانی كوردی عیراقی راگەیاندوە و ئەندامی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەرانە بۆ عیراقە بەشدار بوون،چەند گرۆپ نمایش وموسیقای پشتیوانیا ن پێشكەكرد ولەلایەن دەزگاكانی راگەیاندەوە فلیمی لەسەر تۆماردەكرا.

خۆپیشاندانەكە بەشیعاری هاوپشتی نیو نەتەوەی و دژ بەسنوری دەستكرد و داوای داخستنی گرتووخانە دەستبەسەرەكانی پەنابەران ،دژی بەگێرانەوەی پەنابەران بۆ عیراق و ئەفغانستان بەرێوە چوو .

لەم خۆپیشاندانەدا(دەشتی جەمال) بەرپرسی فیدراسیۆن قسەو باسێكی لەسەر سەردانەكەی بۆ كوردستان و ئەوزاعی سیاسی عیراق و كوردستان و سیاسەتی گێرانەوەی پەنابەرانی كورد پێویستی پیشتیوانی لەكەمپینی فیدراسیۆن قسەو باسێكی پێشكەشكرد،هەروەها رادیوی هاوپشتی و شەبەنگ لەسویدەوە بە بەرپرسی فیدراسیۆن وە بە (سامان سەردەی،شیرزاد جەلال)چاوپیكەوتنیان ئەنجام دا ،هاوكات دوای پەیوەندی بەپرسی فیدراسیۆن بە رادیوی نەوا لەكوردستانەوە ،رۆژنامەی هاوولاتی ،ماڵپەری ئاوینە ، وە چەند كەنالی ئینگلیزی لەگەل (دەشتی جەمال) چاوپیكەوتنیان كرد .




بەریز (جان مكدونالد)ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا كە لەخۆپیشاندانەكەدا بەشداری كرد بریاری دا هەر ئەو رۆژە نامەی نارەزایەتی لەسەر گێرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد ئاراستەی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا بكات،نزیك بە $150$ كەس بەشدار بوون و بەردەوام لەزیاد بووندا بوو.

بەرهەمی ئەم فشارانەی كەمپینی فیدراسیۆن خۆشبەختانە ژمارەیەك لەپەنابەران لەگرتووخانەی كینزلی هاوس ئازاد كران،$4$ پەنابەری كورد بە ناوی (جەمال،شۆرش،دیاری ،ئاسۆ)دوای گرتنی پاریزەر بۆیان ناردنەوەیان لە دادگا راگیرا.

ئەم هەولانەی فیدراسیۆن بەپشتیوانی رێكخراوە ئینسانی و پەنابەری و ئەندام پەرلەمان وخەڵكی ئازادی خوازی بەریتانیا توانی گاریگەریەكی بەرچاو دابنیت لەسەر رای گشتی رەنگدانەوەی پەیداكرد ،تەنانەت رێكخراوی امنستی ئەنتەرناسیونال و چەند رۆژنامەی بەریتانیا ئیدانە و هەواڵی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی كوردیان بلاوكردەوە .

فیدراسیۆن بەردەوام دەبێت تا بەشکستکیشانی سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و هەلوەشاندنەوەی هەر اتفاقیەکە بەژیان و چارەنووسی پەنابەرانەوە و لەریزی پێشەوەی خواست و نارەزایەتی یەکانی پەنابەران راوەستاوە، یەکگرتووکردن و هینانە مەیدانی پەنابەران و کۆبوونەوەی لەدەوری فیدراسیۆن دەتوانیٚ تەواوی خواستە ئینسانی یەکانی پەنابەران (مافی پەنابەری و نیشتەجیٚ بوون) داسەپێنێت.

## سەرکەویٚ خەباتی یەکگرتووی ریزەکانی پەنابەران

## سکرتاریەتی فیدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2007-2-11



| بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن | | | |
|---|---|---|---|
| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saeed |
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| **Address:** **PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK** | | **IFIR Website:** | **www.csdiraq.com** |